https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.6

e-ISSN (2617-0752)    p-ISSN (2617-0744)

# شیعرییەتی شیعری فێرکاری وەک ئەزموونێک لە ئەدەبی کوردی

پ. ی. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەشی کوردی/ کۆلیژی زمان/ زانکۆی سەلاحەدین.

mohsen_ahmadomer@yahoo.fr

**پوختە**

بابەتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە شیعرییەتی شیعری فێرکارییە وەک ئەزموونێک لە ئەدەبی کوردی، هەوڵدەدەین وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی بدەینەوە: شیعرییەتی شیعری فێرکاری لە چیدایە. لە هەنگاوی یەکەم، بۆ چوونەناو قووڵایی بابەتەکە، باس لە شیعری فێرکاری دەکەین: شیعری فێرکاری چیە؟ ئایە شیعری فێرکاری جۆرێکی Genre شیعری (یان ئەدەبی) سەربەخۆیە یان بن جۆرێکی شیعری Spice یان فۆڕمێکی شیعری Form تایبەتە؟ هەنگاوی دووەم باس لە ئەزموونی شیعری فێرکاری دەکەین لە ئەدەبی کوردی و بەراوردی دەکەین لەگەڵ ئەزموونی شیعری فێرکاریی هێلینی و فرانسی: وەک مێژوو و وەک بەرهەمهێنانی تێکستی فێرکاری. وەڵامی ئەو پرسیارەش دەدەینەوە، ئایا ئەمڕۆ ئەم جۆرە شیعرە لە ئەدەبی کوردی بەرهەمدەهێنرێ یان بۆتە جۆرێکی شیعری بەسەرچوو. هەنگاوی سێیەم: باس لە شیعرییەتی شیعری فێرکاری دەکەین، بنچینە و بنەماکانی شیعرییەتی ئەم جۆرە شیعرە لە چیدایە؟ پاشان ئەنجامی توێژینەوەکە وەک خاڵی دوایی پێشکەش دەکەین.

وشە کلیلییەکان: شیعرییەت، شیعری فێرکاری، جۆری شیعری، فۆڕمی شیعری، شیعری کوردی.

## شیعرییەتی شیعری فێرکاری وەک ئەزموونێک لە ئەدەبی کوردی

### ١- شیعری فێرکاری چیە؟

ئامانجی سەرەکیی شیعری فێرکاری: فێربوون و گەیاندنی وانەیەکی فەلسەفی، ئەخلاقی، زانستی، حیکمەت، سیاسی و ئاینییە. ئەم ناوەڕۆکەش جیاوازە لە شیعری ڕۆمانتیکی و یان فۆڕمی شیعری لیریکی و ئێپیکی و دراماتیکی کە لە ئەدەبی جیهانی بەوە ناسراون، خەیاڵ و ئەندێشە و هەست و سۆزی مرۆڤ دەبزوێنن و ئەمەش وەک گەیاندنی وانەیەکی ئەخلاقیی دیاریکراو نییە کە دوائامانجی شیعری فێرکارییە، کە خەیاڵ و جیهانبینییەکی سنوورداری هەیە. ئەم جۆرە شیعرە لە ئەدەبی کوردی و لە ئەدەبی جیهانی مێژوویێکی هەیە. ئەم مێژووەش هەڵبەتە سەرەتا و گەشەسەندنی تایبەت بە خۆی هەیە. لە ڕەخنەی نوێ و تیۆرە ئەدەبییەکان ڕوانینی جیاجیا لە بارەی شیعری فێرکارییەوە هەیە. زیاتر وەک کێشەیەکی گشتی شیعر و جۆرێک لە شیعر یان وەک کێشەیکی شیعری لیریکی سەرنجی دراوەتێ، بێگومان هەندێکیش بە پێچەوانەوە وەک بەشێک لە شیعری ئێپیکی دایدەنێن یان وردتر لە ڕابردوو بەم چەشنە سەرنجییان داوەتێ، ئەم جیاکردنەوە و کارکردنە لەسەر جۆرەکان و کاتیگۆرییەکان و جۆری بچووکتری شیعری یان ئەدەبی، لەگەڵ مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتێ سەریهەڵداوە، هەر ئەم لایەنەش کە بۆ خۆی فراوانیی تایبەتمەندییەکانی ئەدەب دەخەنەڕوو، لە هەمان کات هەر بۆ خۆشی سەرەتای ڕەخنەی نوێ پێکدەهێنێ. لە ڕوانگەی "پییێر ڤێسێرینی (لە کۆندا هەرگیز زاراوەیەک نەبووە بە ناوی شیعری فێرکاری، نە لە سەردەمی کەونارای پێش زایین، نە لە سەردەمی ڕێنێسانس و بێگومان لە سەردەمی کلاسیکیش نەبووە، ئەوە مۆدێرنەکان و ڕەخنەی مۆدیرنە ئەم کاتیگۆرییانەی دروستکردووە، ئەو شیعرەی پەیامێکی ئەخلاقی یان

زانستی یان کۆمەڵایەتیی ڕاستەوخۆی هەڵگرتبایە بە شیعری فێرکاری ناسێنراوە. ( (Veserini 2015:26)

لە تیۆر و ڕەخنەی نوێ، لە بارەی ئەدەبی فێرکاری بە گشتی و شیعری فێرکاری بە تایبەتی، ڕوانینەکانی توێژەر "کاتارینا ڤۆلک" هەرگیز پشتگوێ ناخرێ، ئەویش وەک ڤێسێرینی پێیوایە ئەوە ڕەخنەی نوێیە ئەو جیاوازییە لە مەسەلەی پێناسەی شیعری فێرکاری دەکا، لە سەردەمە کۆنەکان ئەم ڕوانینە نەبووە، لە ڕوانگەی ئەوەوە شیعری فێرکاری چوار خەسڵەتی هەیە ئەمەش بریتین لە (١- ویستێکی فێرکارانە. ٢- بوونی هەڵکەوتی قوتابی و مامۆستا. ٣- شاردنەوەی مەبەستە شیعرییەکان ٤- سەنکرۆنی شیعری). (Volk 2002: 43-43)

مێژووی شیعری فێرکاری تا شیعری هێلینی (یۆنانی پێش زایین) سەدەی هەشتەمی پێش زایین و سەردەمی لاتینی یان ئەدەبی کۆنی ڕۆمانیی دوای هێلینی درێژدەبێتەوە. ئەمڕۆ هەندێ لە شیعری ناسراوی وەک (کار و ڕۆژەکانی"ی هێزیۆدۆس، هەندێ قەسیدەی ناسراوی پێش سۆکرات وەک "لە بارەی سروشت"ی پارمێنیدێس، و یان هی ئەمپێدۆکلیس، یان هەندێ قەسیدەی هێلینی وەک "دیاردەکانی ئاراتۆس" و "تێریاکەکانی"ی نیکاندرۆس، زۆری تر) )(Veserini 2015:26) بە شیعری فێرکاری ناسراون، دەشێ "چیرۆکەکانی ئێزۆپ" لە کۆتاییی سەدەی حەفتەمی پێش زایین، "هونەری شیعری"ی هۆراسیش بە شیعری فێرکاری دابنرێن، گەیاندنی پەیامی ئەخلاقیی جوان وەک ئامانجی سەرەکیی شیعری، هەموو ئەمانە نموونەی نایابی شیعری فێرکارین.

بەڵام لە شیعری لاتینی شاکاری گەورەی شیعری فێرکاری هەیە و دەتوانرێ لەم ڕووەوە بە سەردەمی زێڕینی ئەم جۆرە شیعرە دابنرێ، وەک نموونەی (شیعری لۆکرێس کە تایبەتە بە پێشاندانی فەلسەفەی ئێپیکۆرۆس. شیعری ناسراوی "جیۆرجیکی" ڤێرژیل کە تایبەتە بە کێڵان

و کشتوکاڵ و پیت و بەرەکەتی زەوی. کتێبی "هونەری شیعری" هۆراس و کتێبی " هونەری خۆشەویستی " شاعیری گەورە ئۆڤید). ( Nourissier 1997: 190) بێگومان نموونەی دیکەی لەم بارەیەوە زۆرە. ئەمەش تا دوا سەدەکانی ناوەڕاست درێژەدەکێشێ. لە سەردەمی لاتینی نوێ–ش نموونەی لەم جۆرە شیعرە زۆرە، وەک شیعرە زانستییەکانی پیلۆتیێ دو مانس و چیرۆکەکانی لافۆنتێن و هونەری شیعری ڕەخنەگری فرانسی بوالۆ. شیعری فێرکاری لە سەدەی هەژدەیەم بەرگێکی دیکە لەبەر دەکا و نوێبوونەوەیەکی دیکە بەخۆیەوە دەبینێ. لێرەش نموونە زۆرە وەک شیعری "ئاخاوتنێک لە بارەی مرۆڤەوە، قەسیدەیەک لە بارەی کارەساتی لیشبۆن"ی ڤۆلتێر و زۆری تر. (Nourissier 1997: 190)

بێگومان لەم هەڵکەوتە شیعرییە کە لە شیعرێکی لیریکی جیایدەکاتەوە، یان زۆر بە سادەیی تایبەتمەندی لەم جۆرە لە شیعری لیریکی نادۆزرێتەوە، کێشەیەکی ئاڵۆز لەمەڕ شیعرییەت دروستدەکا، ئەمەش وادەکا، شیعرییەت نەبێتە ئامانج و پلەی یەکەم، بەڵکو وانە و پەیام ئامانجەکانی پلە یەکەم بن.

لە ڕوانگەی توێژەر "پییێر ڤێسێرینی" لە ڕەخنەی نوێ دەمێکە جیاوازییەکی مۆدێرن لە نێوان شیعری وەسفی Description و شیعری بگێڕەوە Narration دەکرێ (لەلایەکەوە هەندێ شیعرمان هەبووە مێژوو و ڕووداوی گێڕاوەتەوە وەک ئیلیادە و ئێنیادە، لە لایەکی ترەوە هەندێ شیعرمان هەبووە وەسفی بوونە. ئەم جیاکارییە نوێیە بۆ مۆدێرنەکان بە "خەیاڵ" و "زانست" لێکجیاکراونەتەوە، ئەوەی ڕووداو و مێژووی گێڕاوەتەوە بە شیعری خەیاڵی ناسێنراوە، ئەوەش کە وەسفی سروشتی کردووە بە شیعری زانستی ناسراوە). (Veserini 2015:27)

ئەم دیاگرامەی خوارەوەش ئەم جیاوازییانە بە جوانی ڕووندەکاتەوە:

| **شیعری فێرکاری** | **شیعری لیریکی** | **شیعری ئێپیکی** | **شیعری دراماتیکی** |
|---|---|---|---|
| **وەسف** | **وەسف** | **گێڕانەوە** | **گێڕانەوە و وەسف** |
| **فێرکردن، زانست، ئەخلاق** | **هونەر، شیعر، ئەدەب** | **نەبەردیی، هونەر، شیعر** | **هونەر، شیعر، ئەدەب،** |
| **زانین، هەقیقەت، کۆمەڵ** | **جوانی، خەیاڵ، خودی شاعیر** | **ڕابردوو، ئەفسانە خەیاڵ، مێژوو** | **ژیانی ئەمڕۆ، هونەر، خەیاڵ** |
| **فێرکردن** | **سەرگەرمی، خەیاڵفڕێنی** | **سەرگەرمی خەیاڵفڕێنی** | **سەرگەرمی، خەیاڵفڕێنی** |
| **مامۆستا و قوتابی** | **شیعر و شاعیر** | **شیعر و شاعیر** | **شیعر و شاعیر** |

هەر لە ڕوانگەی ئەوەوە ئەم جیاوازییانە دواجار خۆیان لە جیاوازییەکی نوێتر دەدۆزنەوە ئەمانیش شیعری فێرکاری و شیعری ئێپیکین و لیریکی و دراماتیکین. یەکەمیان وەسفییە ئەوانی دی بگێڕەوە و وەسفین، زاتی شاعیر تێیدا چەقی خەیاڵ داگیردەکا، شاعیر قسە لەگەڵ خۆی دەکا، بەڵام لە شیعری فێرکاری شاعیر قسە لەگەڵ دنیا و کۆمەڵ دەکا، لە هەمان کات خۆی بەشێک لە چەقی خەیاڵی شیعری داگیردەکا و بەشەکەی دی بۆ وەرگرەکەیەتی کە کۆمەڵ و خوێنەرە. لە سەردەمی نوێ (توێژەرە زانستییە مۆدێرنەکانی بواری ئەدەب تێبینی جۆرێکی شیعری نوێیان کردبوو کە شیعر وەسیلەیەکی پەیوەندی بوو بۆ زانستێک. خەسڵەتی شیعری فێرکاریش جیاوازە لە شیعری ئێپیکی، خەسڵەتی شیعری ئێپیکی بۆ سەرگەرمی و خەیاڵفڕێنییە، هەرچی هی شیعری فێرکارییە گەیاندنی وانە و پەیامێکە). (Veserini 2015:27)

ڤیسێرینی لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی و پراکتیکییەوە لە ڕێگای بەراوردکردنی شتێک بە شتێکی دی، یان دیاردەیەک بە دیاردەیەکی دی، هەوڵیداوە ماهییەتی شیعری فێرکاری بە بەراورد بە شیعری ئێپیکی دیاری بکا، وەک چۆن لە سەرەتا تێبینیمان کردبوو، ڕەخنەگر و تیۆریناسە مۆدێرنەکان ئەم جۆرە شیعرەیان بە شیعری فێرکاری ناساندووە کە سیفەتی سەرەکی گەیاندنی وانەیەک بووە، بەڵام لە بنچینەدا ئەم جۆرە شیعرە (شیعری ئێپیکی بووە بە کێشی هەشت بە هەشت یان شانزە سیلابی Hexameter نووسراوە کە کێشی تەواوی شیعرە حەماسییە کۆنەکانە، سەرەڕای ئەمەش بە شیعری حەماسی دانەنراون، چونکە شیعری حەماسی یان ئێپیکی لە ڕوانینی ڕەخنەی نوێ دەبێ گێڕانەوە و خەیاڵی تێدابێ، ئەڤانتوری خوداوەندەکان و پاڵەوانەکان بە شێوازێکی باڵا بگێڕێتەوە، (..). هۆکارێکی دیکە بۆ ئەم ناولێنانە، پەیوەندی بە سەردەمی نوێوە هەیە، لەلای مرۆڤی ئەمڕۆ پەیوەندیی نێوان زانین و سوود ڕوونە شتێکی بەڵگە نەویستە، بەڵام مرۆڤی هێلینی کۆن ڕوانینێکی لەم جۆرەیان نەبووە). (Vesperini 2015: 28) واتە جیاوازیکردن لە نێوان شیعرێکی بگێڕەوە لەگەڵ شیعرێکی وەسفی، یەکەمیان بە حەماسە ناساندن بێ، دووەمییان بە شیعری فێرکاری.

لە مێژووی ئەدەبی ئەورووپی وای بۆ دەچوون کە شۆڕشی ئەدەبی (شیعری) ڕۆمانتیزم لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم، بە کاریگەریی شاعیرانی وەک لامارتین و ئەلفرێد دو موسێ و ڤیکتۆر هوگۆ و شیللی و شلیگل و گۆتە و زۆری تر، کۆتایی بە شیعری فێرکاری هێنرابێ، بەڵام لە ڕاستیدا، کۆتاییپێهێنان و دەرکردنی بڕیاری مەرگی شیعری فێرکاری دەگەڕێتەوە بۆ بۆدلێر کە لایەنی فێرکردن و زانستی لە شیعر بە جادو و ئەفسانە لە قەڵەم دەدا. بێگومان ئەمەش هەر سەرەتای نوێبوونەوە یان مۆدێرنیتێ و مۆدێرنیتێی شیعری خۆیەتی، لەم ڕووەوە بۆدلێر دەڵێ: (شیعر ناتوانێ لاسایی زانست بکاتەوە، ئەگەر ئەمە بکا، خۆی فەرمانی

مەرگ بۆ خۆی دەردەکا، شیعر سەر بە هەقیقەت نییە و شتێکی لەم جۆرەشی هەڵنەگرتووە، شیعر تەنیا سەر بە خۆیەتی). ( Nourissier 190 :1997) دەشێ سەرەتای ئەم لەناوچوونە بۆ زووتر بگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەزموونی تیۆفیل گۆتیێ و شاعیرانی بزووتنەوەی شیعری پارناس (هونەر بۆ هونەر) لە چلەکانی سەدەی نۆزدەمەوە دەستپێکردبێ کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئامانجی شیعر هەر دەبێ شیعر بێ و هەر ئەم ئامانجەش ڕێخۆشکردنی سەرەتاییە بۆ سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم.

سەرەنجام لە ڕوانگەی مۆدێرنی بۆدلێرەوە، هەروەها لە ڕوانگەی مۆدێرنیزم و ڕوانینی مۆدێرنیتێوە، هەموو ئەو شیعرانە بە شیعری فێرکاری دادەنرێن کە پەیامێکیان هەڵگرتووە، وەک شیعرە ئاینییەکان، ئەدەبی ڕوحانی، لە سەردەمی نوێش سروودەکان بە کۆن و نوێیان، ئەدەبی منداڵان و مێردمنداڵان ئەدەبی فێرکارین، سەر بە خەیاڵ و ئەندێشەیەکی شیعری فێرکارین، نەک خەیاڵ و ئەندێشەیەک بۆ خۆی بگەڕێتەوە. دەشێ هێشتا دوورتریش بڕۆین، ئەدەبی شۆڕشگێڕ و ئەدەبی سۆسیالیزم و ئەدەبی پێشەنگ "ئەڤانگارد"یش بە بەشێک لە ئەدەبی فێرکاری دابنێین، دواجار دەشێ لە هەموو تیۆرییەکی فەلسەفی و ئەدەبی و هونەری، بە دەستنیشانکردنی ڕەهەندی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی یان هەر ڕەهەندێکی دی لەم جۆرە، ڕەهەند و مەودای فێرکاری و پەیامدار بخوێنینەوە.

بێگومان، لە ئەدەبی جیهانی، بە تایبەتی لە ئەدەبی ڕۆژئاوایی، لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەسەندنە ئیدیۆلۆژییەکان و بزووتنەوە فیکری و سیاسییەکان، وەک کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم و هیومانیزم و ناسیۆنالیزم و کاتۆلیسیزم و یۆتۆپیزم و ئەدەبی پڕوپاگەندە، کە هەر هەموویان بەرهەمی سەردەمی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیتێن، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمەوە، ئەو ئەدەبیاتە پێشەنگ و ئەڤانگاردە بە شێوازە مۆدێرنەکەی

سەرهەڵدەدا، بە چەشنێک دەشێ بە ئەدەبی فێرکاری لەقەڵەمیبدەین، ئەم هەڵکەوتە لە بەرهەمهێنانی ئەدەبی فێرکاری تەواوی سەدەی بیستەمیش دەگرێتەوە، بێگومان نموونە لە ئەدەبی جیهانی ڕۆژئاوایی زۆرە کە ئامانجی سەرەکییان گەیاندنی پەیامێک بووە، پەیامێک لە شێوەی سیستەمێکی فیکری، وەک ئەدەبی سۆسیالیزم بە گشتی و سەرتاپاگیری، ئەدەبی دژە فاشیزم و نازیزم، ئەدەبی دژ بە ڕاسیزم، ...هتد، بەڵام لە هەندێ تێکستی دی ڕێژەیەک لە پەیامی لەم جۆرە هەیە، بۆ نموونە لە بەرهەمەکانی لیۆن تۆلستۆی، بە تایبەتی لە ڕۆمانی "ژیانەوە" دەشێ ئەم ڕۆمانە هەڵگری یۆتۆپیایەکی کریستیانیزمی سۆسیالیستانە بێ، یان دەشێ بەو شێوەیە بخوێندرێتەوە، بەڵام لە ئەدەبیاتی مەکسیم گۆرکی ئیدۆلۆژیی چەپ و چینی پرۆلیتاری ئامانجی سەرەکیی هەموو خەیاڵێکی ئەدەبی و هونەرییە، لە ڕۆمانی "تاعون"ی ئەلبێر کامو، ڕەهەندی ئەڤانگاردانە و ئەدەبی پێشەنگی دژ بە جەنگ و کۆلۆنیالیزم دەخوێندرێتەوە، تەواوی ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیالیزم ڕەهەندی فێرکارانەی هەیە، لە ئەدەبی کوردی ڕۆمانی "شڤانێ کورد"ی عەرەب شەمۆ و ڕۆمانی "ژانی گەل"ی ئیبراهیم ئەحمەد و زۆری تر، سەرەڕای وێناکردنی کوێرەوەری و چەوساندنەوە و هەژاری، هەمان ڕوانینی چەپ و چینی چەوساوەکان و خەبات و ژیانی کۆڵەمەرگییان ڕەپێشخراوە و دواجاریش دەبێتە ئامانج و پەیامی خەیاڵی ڕۆمانەکە و نووسەرەکە خۆیشی. بێگومان دەیان و سەدان نموونەی دی هەیە، بەڵام لە سەردەمی ئەمڕۆ، کە بە هەموو لێکدانەوەیەک دەشێ بە سەردەمی پۆست ئیدیۆلۆژی یان پۆست ئەدەبی فێرکاری لەقەڵەمیبدەین، ئەو ئەدەبە ئەڤانگارد و پەیامدارە، بەرەو پووکانەوە چووە، بێگومان وەک دەراویتە(استثناء)یەک، ناشێ ئێمە ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی وەک ماتریالی پەروەردە و فێرکاری بەکاردێ بۆ منداڵ و منداڵانی هەرزەکار دووربخەینەوە، هەڵبەت ئەم بەرهەمانە هەردەم وەک پێویستییەکی کلتووری و پەروەرش و پێویستیی کۆمەڵایەتیی گشتی دەمێننەوە، بەڵام لە چوارچێوەی ڕوانینی ئەدەبی

داهێنان، یان داهێنانی ئەدەبی وەک بەرهەمهێنانێکی تایبەتی سەیربکرێ، بەڵام ئەگەر وەک نەخشەیەکی فراوان سەیری هەموو بەرهەمهێنانەکان بکەین دەکرێ دەستەواژەی ترازان و لێکترازان Fragmentation، لەگەڵ هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و سیاسیی ئەم سەردەمە زیاتر بگونجێ، بەو مانایەی ئەو ئەدەبەی پێشکەشدەکرێ و بەرهەمدەهێنرێ، ئەوەندە فرەڕەهەند و لێکترازاون، سەختە لە چوارچێوەی دەستەواژەیەکی دیاریکراو کە چێوەی کێشەکان تەسکدەکاتەوە، قەتیسی بکەین. بۆیە لێکترازانی ئەدەبی وەک شێوە خەیاڵێکی نوێ، ئاودیوبوونە لە ئەدەبێکی پەیامدار یان ئەڤاگارد.

بەڵام ئایا شیعری فێرکاری جۆرێکی شیعری سەربەخۆیە یان جۆریکی بچووکتری (بن جۆر) شیعرییە یان فۆڕمێکی شیعری تایبەتە؟ هەڵبەت هەروەکو لە بەرایی دڵنیاییمان لەم لایەنە کردەوە، ئەدەبی فێرکاری یان شیعری فێرکاری وەک زاراوە و وەک ڕوانین بابەتێکی نوێی ڕەخنەی نوێیە، لە سەردەمی هۆمیرۆس و هێزیۆدۆس (سەدەی هەشتەمی پ. ز.)، نەیانزانیوە ئەم جیاوازییە بکەن، هەروەکو پییێر ڤێسێرینی دەڵێ ئەوە ئێمەین ئەو ڕوانینەمان هەیە، ئەو تایبەتمەندییە لەناو شیعرەکان دەدۆزینەوە (بینیمان جیاوازی لە نێوان ئەدەبی فێرکاری"دیداکتیک Didactique " و ئێپیک Epique ، یان لیریک و دراماتیک بەرەو ئەوەی بردین جیاوازی بکەین لە نێوان ئەوەی "وانە و فێرکردن" پێشکەش دەکا لەگەڵ ئەوەی "دەگێڕێتەوە و وەسفدەکا". سەرەنجام ئەم دوا جیاوازییە بوونێکی ئەوتۆی نەبووە لە سەردەمی کەونارای پێش زایین. هیچ کەسێک باسی لە هۆمیرۆس نەکردووە وەک نەیارێکی هێزیۆدۆس وەک چۆن ئێمە ئەمڕۆ دەیکەین، بۆ تەواوی خەڵکانی سەردەمی پێش زایین، هۆمیرۆس باوکی هەموو زانینێک و هەموو حیکمەتێک بووە، کە هەندێ جاریش باس لە هێزیۆدۆس کراوە، مەبەست ئەوە نەبووە وەک ڕکابەرێکی ئەو باسکرابێ، چونکە هۆمیرۆس پەروەردەکاری یۆنانییەکان بووە، ئەمەش

هەر لە سەرەتاوە وەک چۆن کسێنۆفۆن "گەزنەفۆن" باسی دەکا). (Veserini 2015:28)

زاراوەی شیعری فێرکاری Didactique، لە سەردەمی ڕێنێسانسەوە، لە زمان و کلتووری یۆنانییەوە هاتۆتە ناو زمانی فرانسی، بە پێی فەرهەنگی گەورەی "رۆبێر" بە دروستی ساڵی ١٥٥٤ لە زاراوە یۆنانییە کۆنەکەوە "دیداکتیکۆس Didaktikos " هاتۆتە ناو زمانی فرانس Le 640 : Robert 1993)) بەڵام لە سەردەمی نوێ، لەگەڵ گەشەسەندنی تیۆر و ڕەخنەی ئەدەبی بایەخی پێدراوە، ئەمانەش هەموویان پەیوەندییان بە سەردەمی مۆدێرنەوە هەیە، واتە کار و بەرهەمی کۆتایی سەدەی نۆزدەمە وەک دەسپێک و سەرەتای سەدەی بیستەمە وەک دەوڵەمەندبوون و گەشەسەندن.

لە ڕوانگەی شاعیر "گۆتە" شیعری فێرکاری جۆرێکی شیعری تایبەتە لە ڕیزی جۆرەکانی تر، ئەو وشەی "ژانر Genre " بەکارناهێنێ بەڵکو وشەی Espèce بەکاردەهێنێ کە بە مانای جۆری بچووکتر دێ (بن جۆر)، بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیزیان دەکا: (مەجازAllégorie ، چامەBallade ، شیعرێک لەگەڵ ئاواز بخوێندرێتەوە Cantate، شیعری درامDrame ، لاواندنەوەElegie ، ئێپیگرامEpigrame ، نامەشیعرEpitre ، شیعری حەماسی Epopée، شیعری بەسەرهات Récit، شیعر لەسەر زمانی گیانەوەران Fable، شیعری سوارچاکی Heroïde، شیعری عاشقانە Idylle، شیعری فێرکاری. Poème Didactique ) (Genette (1986:141

بە هەمان ئاست، ئێمە دابەشکردنێکی دیکەمان هەیە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شلیگل، کە جۆرەکانی شیعر بە پێی ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژییەی بابەتەکە پێشکەشی دەکا دابەشی سێ جۆر دەکا وەک: (ئێپیک، لیریک، دراماتیک، هەر یەکەش لەمانە بە ڕیز نوێنەرایەتی سێ

حاڵەت دەکەن: مەوزوعییەت، زاتییەت، مەوزوعییەت و زاتییەت بە یەکەوە). (Genette 1986: 121) )

بەڵام لە سەردەمی نوێ و لە ڕوانگەیەکی نوێتر ئەدەبی فێرکاری بە گشتی وەک خەسڵەتێک دەمێنێتەوە، شیعری فێرکاریش دوای ئەوەی لەبن باڵادەستیی شیعری لیریکی مۆدێرن پاشەکشە دەکا و پاشان بە تەواوی بزردەبێ، شیعری فێرکاری لەناو نەخشە و دابەشکردنێکی نوێتری دەبیندرێتەوە، لە ڕوانگەی ژێرار ژێنێت، ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی دابەشی سێ جۆری سەرەکی دەبێ، ئەمانەش بریتین لە لیریک، ئێپیک، دراماتیک، هەر یەکێکیش لەمانە دابەشی چەند بن جۆرێک یان کاتیگۆرییەک دەبن لە خۆیان بچووکترن (ئێمە سێ جۆری گەورەی بنچینەییمان هەیە: لیریک، ئێپیک، دراماتیک، هەر یەکێکیش لەم جۆرە بنچینەییانە دابەشی چەند بن جۆری دی دەبن). ( Tamine et Hubert. 2004:89)

بەم پێیە دەبێ شیعری فێرکاری بن جۆرێکی شیعری بێ، ئەمەش لە لەلای ژێرار ژێنێت بە پێی زەمەنی ناوەوە و سروشتی جۆرەکان خۆیان پیشان دەدرێ (شیعری ئێپیک ڕابردوو دەگێڕێتەوە، شیعری دراماتیکی و شیعری لیریکی ژیانی ئەمڕۆ دەگێڕنەوە). ( Genette 1986: 121)) لەمەوە شیعری فێرکاری دەبێتە بەشێک لە شیعری لیریکی کە زاتی و زاتییەت و زاتی شاعیر بە پلەی یەکەم دێن، یان جۆرێکە لە سێبەری شیعری لیریکی، بەو مانایەی ئەویش وەک شیعری لیریکی پەیامێکی هەیە دەشێ خەونی تێدابێ و وەک خەونی شیعری لیرکی شاعیر وێڕای قسەکردن لەگەڵ خۆی و بۆ خۆی هەردەم ڕووی لە ئەوانی دی و لە ئاینده بێ.

هەروەکو لە خشتەی تیۆری سەرەوە شیعری فێرکاری (ئەدەبی فێرکاری) ناسێنراوە و لە شیعری لیریکی و ئێپیکی (حەماسی) و

دراماتیکی جیاکراوەتەوە، مەسەلەی ناساندن و دیاریکردنی جۆرێکی شیعری وەک شیعری فێرکاری کێشەیەکی ئاڵۆز دروستدەکا، بەو مانایەی لە جۆرەکانی ئەدەب خۆیان کێشەی دیاریکردن و ناساندن هەیە، لەم بارەیەوە کارل ڤیێتۆر پێیوایە (ئێمە بۆ کۆنسێپتی جۆرەکانی ئەدەب بەکارهێنان یان ناساندنێکی یەکگرتوومان نییە، بۆ ئەوەی بتوانین لەم بارەیەوە پێشکەوتنێک بەدەستبهێنین، ئێمە باس لە شیعری ئێپیکی و لیریکی و دراماتیکی دەکەین وەک سێ جۆری گەورە، بەڵام لە هەمان کات چیرۆک، کۆمێدی، قەسیدە، ئەمانەش بە جۆری ئەدەبی دادەنێین، ئێمە دەبێ یەک ناولێنانمان هەبێ بۆ دوو جۆر لە شتی جیاواز، پاشان دەبێ لەسەر یەک زاراوە و ناولێنان بگیرسێینەوە، چونکە کە دەڵێین شیعری لیریکی، دەبێ کۆمەڵێک بن جۆری تری شیعری بگرێتەوە وەک لاواندنەوە، سروود، غەزەل، گۆرانی، قەسیدە... هتد). (Genette 1986:10)

بە گشتی جیاوازیکردنێکی قووڵ و ورد لە نێوان جۆرەکانی شیعر وەک لیریک و ئێپیک و ساتیریک و دیداکتیک (فێرکاری) و دراماتیک،... هتد، هەیە کە پێشان بابەتێک بووە قورساییەکی زۆری هەبوو لە ئەزموونە شیعرییە جیهانییەکان، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم سەرەڕای گرنگی و ئاڵۆزیی بابەتەکە (پێدەچێ ئەم جۆربەجۆری و هەڵکەوتەی پێشوو کۆتاییپێهاتبێ، ئایدیا گشتییەکان لەمەڕ شیعر، دەشێ بە هۆی ئەوەی "لیریزم" دواجار هەموو گرەوی جۆرەکانی بردبێتەوە و خۆی لە "شیعر"دا کورتکردبێتەوە، کۆتاییهاتبێ). (Combe 1992:16) واتە بە شیعری لیریکی دواجار کۆتایی بە هەموو مانا ئاڵۆزەکانی شیعر هاتبێ. بەم جۆرە شیعری فێرکاری لە نێوان ئەم هەڵکەوتە دەدۆزرێتەوە و هەستی پێدەکرێ، ئەگەرچی وەک جۆرێکی شیعری لە سەردەمی نوێ کۆتاییپێهاتووە و نەماوە،

## ٢- ئەزmoونی شیعری فێرکاریی کوردی

شیعری فێرکاری لە ئەدەبی کوردی مێژوویێکی هەیە، سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەزیری و خانی، ڕەنگە کۆنتریش بێ. شیعری فێرکاری بەو شێوەیەی لەسەرەوە خراوەتەڕوو وەک تایپێک یان کاتیگۆرییەک یان جۆرێکی شیعری دێتە بەرچاو، لە ڕوانگەی ئێمەوە، کۆمەڵێک جۆری تێکستی شیعری (ئەدەبی) دەگرێتەوە، وەک مەولوودنامەکان، عەقیدەنامەکانی شاعیران، هەندێ لە نامە شیعرییەکان، سروودەکان، شیعرە ئایینییەکان، لە ئەدەبی هاوچەرخیش شیعر بۆ منداڵان و مێردمنداڵان، زۆری تر، بەشێکن لە شیعری فێرکاری.

هەموو ئەو نوێبوونەوە و گۆڕان و وەرچەرخانانەی بەسەر شیعری کوردیدا هاتوون بە درێژایی مێژووی نوێ، هەمان گۆڕان و وەرچەرخان بەسەر شیعری فێرکاریشدا هاتوون، لە سەدەی نۆزدەم ئێمە شیعری عارفانە و شێوە موناجاتمان هەیە لە شێوەی شیعری مەولانا، لەلای حاجی بە پێچەوانەوە بەرکەوتن هەیە بە جیهانی ڕۆژئاوا و نوێبوونەوە، لە سەردەمی گۆران، شێخ نووری  شێخ سالح و پیرەمێرد، شیعری فێرکاری لە نوێبوونەوەیەکی چڕدایە، ئەزموونی دوایی، دەوڵەمەندبوون و بەرفراوانبوونی ئەم جۆرە شیعرەیە هەڵبەت لەسەر دەستی کەسانی وەک ئیبراهیم ئەحمەد، فایەق بێکەس، گۆران، ع ح ب، ع ع شەونم، بەڵام سەردەمی زێڕینی ئەم جۆرە شیعرە، کە دەشێ دوا ئەزموونی گەورە خۆی بێ لە ئەدەبی کوردی، ئەزموونی شیعری عەبدوڵا پەشێوە بە پلەی یەکەم لەگەڵ بەشێک لە ئەزموونی شێرکۆ بێکەس و گروپی شاعیرانی هەمان نەوە.

لە سەرەتای ئەم ئەزموونە ئێمە دوو نموونەی زۆر جوانی شیعری فێرکاریمان لە ئەدەبی کوردیدا هەیە، یەکێکیان بۆ سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە ئەوی تریش بۆ سەدەی نۆزدە. ئەمانەش کتێبی "نوبەهار"ی

ئەحمەدێ خانی-یە (نوبهارا بچوکان. تحقیق: حمدی عبدالمجید السلفی. مطبعه الرشید. بغداد.١٩٩١. چاپی یەکەم ڕواندز ساڵی ١٩٢٦) تێکستێکی دیکەی ئەحمەدی خانی هەیە بە ناوی (عەقیدەی ئیمانێ. چاپی یەکەم. سوێد. ٢٠٠٠) ئەمەش بە شیعر و پەخشانە. یەکێکی دی لە ئەزموونە کۆنەکان، کتێبی: لوغەتنامەی ئەحمەدی-یە، کە فەرهەنگێکی کوردی عەرەبییە، لە دانانی شێخ مارفی نۆدێ. (چاپی یەکەم. چاپخانەی ژین. سلێمانی. ١٩٥٣. دواچاپ سنە ٢٠١٨). دوایین ئەزموون، فەرهەنگەکەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریسە (دووڕشتە) کە بە شیعرە و بەم چەشنە ناسێندراوە: فەرهەنگێکی عەرەبی کوردییە بە هەڵبەست. (انتشارات کردستان. سنندج١٣٩١)

بێگومان هێشتا نموونەی لەم جۆرە لە مێژووی شیعری کوردی زۆرە، ئەمانە نموونەی بەرجەستەن بۆ شیعری فێرکاری وەک مێتۆدێک بۆ فێربوون و وەک جۆرێکی شیعری فێرکاری خۆی کە ئامانج گەیاندنی وانە و پەیامێکی فێرکارانەیە.

نموونەیەک بۆ شیعری فێرکاری مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بە ناوی (دووڕشتە):

هەموو نیشتەجێی یەک نیشتمانین    ئەبێ زوبانی یەکتر بزانین

بۆ ژینی برا لەگەڵ برادا    لە یەک نیشتمان، لە یەک ماوادا

بۆم هۆنینەوە بە شێوەی ئەدەب    دووڕشتەی لۆغەت، بۆ کورد و عەرەب

هەر لەفزێ کە شەرع بە کاری بێنێ    دووڕشتە بە شەرع مانای ئەنوێنێ

هیوام وەهایە کە خاوەن سوود بێ        چرای ڕووناکی ڕێگای مەقسوود بێ

خاوەن بەها بێ لای پیر و گەنجان        هەروەك دووڵاشتەی یاقووت و مەرجان

(مودەریس ١٣٩١: ٨)

بەڵام سەرەتاکانی شیعری فێرکاریی کوردی لەگەڵ ئەزموونی سەردەمی نوێ و یەکەم نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی لەگەڵ نالی و مەستوورەی کوردستانی (سەردەمی ئەدەبی دیوان)(١) دەستپێدەکات، بە تایبەتی لەگەڵ شیعرەکانی مەولانا سەرەتایەکی زۆر دەوڵەمەندی هەیە و لەگەڵ ئەزموونی شیعری حاجی قادری کۆیی گەشەدەسەنێ، بەو مانایەی فەلسەفەی مەدەنیەت و ناسیۆنالیزم بە مانا کلتوورییەکەی پانتاییەکی گەورەیان لە جیهانی شیعری ئەم شاعیرەدا هەیە، تا دەگاتە سەردەمی ڕوانگە، لەم ماوەیەدا تێکستێکی زۆری شیعری فێرکاریمان هەیە. شاعیرانی شیعری فێرکاری کوردی بە پلەی یەکەم لە ڕوانگەی ئێمەوە بریتین لە حاجی قادری کۆیی بۆ تێمای مەدەنیەت و ناسیۆنالیزم، مەحوی وەک نموونەیەک بۆ شیعری ئایینی، شیعرە ئایینیی و نیشتمان پەروەرییەکانی پیرەمێرد، ئینجا بە تێپەڕین بە ئەزموونی مفتی پێنجوێنی، بێخود، دڵدار، فایەق بێکەس، سرود و شیعرە نیشتمان پەروەرییەکانی ئەحمەد موختار جاف، ئەدەبی پێشەنگی گۆران لە کۆتاییەکانی ئەزموونی شیعری خۆی لەگەڵ ئەزموونی شیعری پێشەنگی ئیبراهیم ئەحمەد. شیعرە نیشتمانپەروەرییەکانی ع. ح. ب. و ع. ع. شەونم و قانع تا دەگاتە پەشێو کە لە ڕوانگەی ئێمە بە دیارترین شاعیری شیعری فێرکاری لە سەردەمی نوێ دادەنرێن. بەڵام ئەزموونی فێرکاریی پەشێو سیمایەکی لیریکییانەی هەیە. دەشێ لەگەڵ پەشێو شیعر و ئەزموون و سەردەمی زێڕینی شیعری فێرکاری کۆتاییپێبێت.

لە سەردەمە کۆنەکان، کتێبی زانستی و پزیشکی و فەلسەفی و ئاینی و نامەگۆڕینەوەکان بە شیعر دەنووسران. هەتا چەند ساڵێک پێش ئەمڕۆش لە کوردستانیش نامەگۆڕینەوە بە شیعر هەبووە. لەو بڕوایەدام سیفەتی فێرکاری وەک هەڵکەوتێکی مەدەنی و خوێندەواری و پێشکەوتن و مەعریفی و ئاینی و زانستی، ئەگەر نیوەی ئەو ئەدەبە داگیرنەکا، ئەوا پانتاییەکی زۆر لە ئەدەبی کوردی دەگرێتەوە.

بە گشتی بوونی خەسڵەتی فێرکارانە لە ئەدەبی کوردی پێش گۆڕانەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەم لە نموونە ئاینی و ئەدەبی ڕوحانیی کوردی وەک نموونەی مەولانا و بەشێک لە ئەزموونی مەولەوی، بە ئەزموونێکی بەرجەستە لەقەلەمدەدرێ، بەڵام لە دوای ئەم سەردەمەوە، کاریگەرییەکان دەگەڕێنەوە بۆ گەیشتنی ئایدیای نوێی مەدەنییەت و ناسیۆنالیزم و کاریگەرییەکانی شۆڕشی فرانسی بۆ ڕۆژهەڵات، کە هەر هەموویان بە کاریگەری سەرەتا فەلسەفەی ڕۆشنگەری و دواتر ئایدیا و کاریگەرییەکانی سەردەمی مۆدێرنیزم (١٨٨٠-١٩٣٠) بووە، ئەزموونی حاجی قادری کۆیی نموونەیەکی زۆر بەرجەستە و دیارە، وەک فیگەرێکی نوێی مەدەنییەت، حاجی قادری کۆیی وەک ئایدیا مۆدێرن بووە، بەڵام وەک شیعر مۆدێرن نەبووە، مۆدێرنیزمی حاجی قادر کارکردن نەبووە لە ناو فۆڕم و وێنای شیعری نوێ، بە قەد ئەوەی مەدەنییەت و ناسیۆنالیزم وەک پەیامێکی نوێ لە فۆڕمی شیعری سەردەم خراونەتەڕوو.

هەر ئەم هەڵکەوتەش بۆ خۆی کێشەیەکی ئاڵۆز لەمەڕ جۆری شیعری لە ئەدەبی کوردی و مێژووی ئەدەبی کوردی دروستدەکا. ئایا شیعری فێرکاری جۆرێکی ئەدەبی یان تایپێکی بچووکە لە شیعر لە مێژووی ئەدەبی کوردی؟ بە داخەوە، لەم بارەیەوە تا ئێستا، ئێمە هیچ سەرچاوەیەکی نە پڕاکتیکی نە تیۆریمان لە ئەزموونی ڕەخنە و مێژووی ئەدەبی کوردیدا نییە. تا ئێستا لە تەواوی ئەزموونەکانی مێژوونووسی

کوردی و توێژینەوە ڕەخنەییەکان، بایەخێکی ئەوتۆ بەم لایەنە نەدراوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو بایەخ بەوەش نەدراوە، کێشەی جۆرەکانی ئەدەبی و شیعری لە ئەدەبی کوردیی کۆن و نوێ چۆن بووە، ئێستە چۆنە، گۆڕان و سەردەمەکان هەرگیز باسیان نەکراوە، زۆربەی سەرچاوەکان باس لە جۆری ئەدەبی و شیعرییەکانی وەک لیریکی و ئێپیکی و هی دیکە دەکەن، بێ ئەوەی پشکنینێکی ورد بۆ ئەم دیاردەیە لە مێژووی ئەدەبی کوردی بکەن یان پێشتر کرابێ، ئایا شیعری لیریکی تایبەتمەندییە جیهانییەکانی چین؟ پاشان تایبەتمەندییە کوردییەکانی چین؟ دوایی لە کام خاڵ یەکتری دەگرنەوە؟ ئایا جۆری ئەدەبی ئێپیکی چییە؟ لە ئەدەبی جیهانی چۆن ناسێنراوە، لە ئەدەبی کوردیدا چۆنە؟ ئایە داستان و حەماسەکان، یان ئەو شیعرانەی گێڕانەوەیان تێدایە وەک داستانە شیعرییەکان، بەیتەکان، مەسنەوییەکان دەشێ بە حەماسە یان شیعری ئێپیکییان دابنێین؟ ئەمانە هەموو پرسیارن و هێشتا پێویستییان بە لێکۆڵینەوەی زۆر وردتر هەیە.

سەرەڕای ئەم هەژارییە لە توێژینەوەدا، بە پێچەوانەوە لە یەکێک لەو سەرچاوە تازانە کە بایەخی خۆی هەیە بۆ ئەم توێژینەوەیە، مێژووەکەی دکتۆر جەمال ئەحمەدییە کە خوێندنەوە و ڕوانینێکی جیاوازی بۆ کێشەی جۆرەکانی ئەدەبی کوردی پێشکەشکردووە، ئەم خوێندنەوەیەش تا ئێستا، لە پاڵ هەموو ئەوەی تا ئێستە لەم بارەیەوە نووسراوە، بە ڕای ئێمە نوێیە (چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٩)، نووسەر دوای پێشکەشکردنی خوێندنەوە و شیکارییەکی دوور و درێژ بۆ کێشەی جۆرەکانی ئەدەب لە مێژووەکەی (تاریخ ادبیات کردی. دکتر جمال احمدی. سنندج. ١٣٥٢). لە ڕوانگەی ئەوەوە، جۆرەکانی ئەدەب لە ئەدەبی کوردیدا دوو جۆرە: لیریکی و دیداکتیکی (فێرکاری)، ئەو کە باس لەم دوو جۆرە دەکا، لە چوارچێوەی چوار جۆری ئەدەبی باسیان دەکا کە دووەکەی دیکە لە ئەدەبی کوردی و فارسی نین. ئەمەش بە ڕای ئەو لەگەڵ بنچینە تیۆریکە جیهانییەکان تێکدەکەنەوە کە لەسەر بنچینەی فۆڕمی ناوەکی هەڵچنراون. (بە

شێوەیەکی گشتی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جۆرەکانی ئەدەبی چوار جۆرن: بۆ جۆری حەماسی (ئێپیک)، لیریکی، فێرکاری، نمایشی (دراماتیکی) دابەشدەبێ، ئەگەر هەندێ لە ڕەخنەگرانی شیعری کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، جۆرەکانی ئەدەبی بە سێ دەستە دابەشدەکەن، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە شیعری کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە شێوەیەکی سەرتاپاگیرانە دابەشی دوو جۆر دەبێ: لیریکی و فێرکاری). (احمدی. ۱۳۵۲. ل ٤٨) ئەمەش لە ڕوانگەی ئێمەوە تا ڕادەیەکی زۆر دروستە.

لەم پەیوەندییە وەک چۆن لە بەراییدا هاتووە "ژێرار ژێنێت" ئەدەب دابەشی سێ جۆر دەکا: لیریک و ئێپیک و دراماتیک، ئەم هەڵکەوتە لە ئەدەبی کوردی لاوازە، لە ئەدەبی کوردی، واتە لە شیعری کوردی بە تایبەتی، جۆری سێیەم دراماتیکی بزرە، بێگومان لە ئەدەبی فارسی و عەرەبی و تورکیش ئەم هەڵکەوتە لاوازە، ئەگەرچی ئەزموونی ئەوانیش وەک تایبەتمەندییەک جیاوازە لە ئەزموونی مێژووی کورد.

ئەمڕۆ وەک ئەزموونێک لە ئەدەبی نوێی کوردی، خەسڵەتی فێرکاری نەک وەک جۆرێکی ئەدەبی بەڵکو وەک گوتار، وەک تایبەتمەندی بوونی هەیە، لە زۆربەی فۆرمە ئەدەبییەکان دەدۆزرێتەوە وەک شیعری ئەڤانگارد، شیعری منداڵان، شیعری پەروەردەیی، شانۆنامەی پەروەردەیی، فیلم، ڕۆمان، چیرۆک، پەخشانە شیعر، وتاری سەربەخۆی فێرکاری و ئەخلاقی. ئەمانەش بێگومان ئاستێکی ئەدەبی ئەوتۆیان هەیە کێشەیەکی ئەوتۆی تیۆری لەمەڕ جۆرەکانی ئەدەبی دروستناکەن، بەڵام سەرەتای کۆتاییی شیعری فێرکاریی کوردی وەک داهێنانی شیعری یان ئەدەبی لەگەڵ نوێبوونەوەی سێیەم لە ئەدەبی کوردی دەستپێدەکات، ئەم سەرەتایەش لە ڕوانگەی ئێمەوە لەگەڵ ئەزموونی شیعری نەوەی دوای گۆران دەستپێدەکات، کە ئەمانەش دیارن کام لە شاعیرانن: شێرکۆ

بێکەس، لەتیف هەڵمەت، پەشێو، جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێری، کامەران موکری و گرووپی ڕوانگە و زۆری تر.

**٣- شیعرییەتی شیعری فێرکاری لە چیدایە؟**

ئەگەر کێشەی شیعرییەت پەیوەندی بە هەر ناوەڕۆکێکی دیاریکراوەوە هەبێ وەک فێرکاری، ڕۆحانی، لاواندنەوە یان عەشق، ئەوا لە بنچینەدا وەک کێشەیەک تایبەت بە شیعری لیریکی دەردەکەوێ، چونکە بابەتی فێرکاری وەک ناوەڕۆکێک جیاکردنەوەی لە تێمایەکانی تری شیعری لیریکی بە گشتی پەیوەندی بە ناساندنی شیعری لیریکی و شیکارییە ڕەخنەییە مۆدێرنەکان و بابەتە تیۆریکەکانی ئەدەبی نوێوە هەیە. شیعری لیریکی هەردەم ئەو ئایدیالە مەزنە بووە کە هاوتای جوانیی نایاب و جیهانی جوانی کەم تەمەن و ناکام بووە کە مرۆڤ بەردەوام بە دوایدا وێڵ بووە، لیریک هەر لە بنچینەدا پێش ئەوەی ڕوویێک یان لایەنێکی ئەسڵی ژیانی مرۆڤ بخاتەڕوو، بۆ خۆی ئەسڵی هەموو شیعرێکە، وەک ئەو جیهانە بێسنوور و ئازادەش هاتۆتە بەرچاو کە مرۆڤ هەردەم تێیدا هەستی بە یەکانگیری و توندوتۆڵی کردووە، هەر ئەم توندوتۆڵییە، وێڕای گەڕان بە دوای جوانی، بە جۆرێک بێپایان ئازاد، ئەندێشە و خەون و ئاواتی بێسنووری مرۆڤ لە شیعری لیریکی ئامانج و شێواز بووە، هەر بەم جۆرەش توانراوە تێکستی شیعری باڵا پێشکەشبکرێ، بەڵام کە ئەندێشە و ئاوات و خەونەکان پاشەکشەیان پێکراوە، پەیام و وانەیەکی ئەخلاقی یان ئاینی یان زانستی جێگەی گرتوونەتەوە، ئەوا بەشێک لە جەستەی شیعری لیریکی لێبۆتەوە، سەرەنجام ئەو شیعرییەتە کە ئەمانجی هەموو شیعرێکە لاسەنگبووە، لە کۆندا هەوڵدراوە ئەم لاسەنگییە بە شێواز چارەسەربکەن، واتە بە چۆنیەتی گوتن و نووسین لاسەنگییەکە لاببەن نەک بە چی گوتن و چی نووسین. چونکە لە هەموو تێکستێکی شیعری لیریکی و نالیریکی، هەردەم یەکەم بە پێش دووەم دەکەوێ.

ئەمەش لە سەردەمە کۆنەکان بابەتێکی شیاو بووە، بەڵام ئەمڕۆ لە سەردەمی پۆست مۆدێرنیزمدا، ئەم هەڵکەوتە بە چەشنێکی ترە، دەبێ تێما و شێواز تێکبکەنەوە، کەواتە دەتوانین بڵێین لەم پرۆسە مێژووییە، دواجار شیعری لیریکی و گشت تایبەتمەندییەکانی درێژەیان بە خۆیان داوە و بەردەوامبوونە، بەڵام گوتاری فێرکاری (ئەگەر بشێ لایەنی فێرکاری وەک گوتارێکی تایبەتی وەرگرین بە درێژاییی مێژوو) لە سەردەمی مۆدێرندا شێواز و وەسیلەی دیکەی بۆ خۆی دۆزیتەوە و فۆڕمی شیعری جێهێشتووە و چۆتە ناو بوارێکی تر وەک پەخشان بۆ نموونە، چونکە لە سەردەمی مۆدێرن بڵاوکردنەوەی زانست و پەیامی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی بە فۆڕمی شیعر هەڵکەوتێکی شیاو و گونجاو نەبووە. لێرەوە ڕێگە لە پێش شیعری لیریکی وەک فۆڕم و وەک ناواخن کە لەگەڵ خەیاڵ و ڕوانین و ئایدیالە مەزنەکانی مرۆڤ گونجاوە خۆش بووە و کراوەتەوە، بەم جۆرە درێژە بە خۆیان دەدەن، بێگومان ئەم لایەنە لە هەمان کاتدا بەستراوەتەوە بە گۆڕانی فۆڕمەکان و جۆرەکان لە سەردەمە جیاجیاکاندا، هەر لەبەرئەوە (جیاکاری و جیاوازیی ورد لە نێوان جۆرەکانی شیعر: ئێپیک، لیریک، ساتیریک، دراماتیک...هتد، کە پێشتر) هەتا سەردەمی مۆدێرنیش بابەتێکی جەوهەری بوو، پێدەچێ هەر بە هۆی ئایدیای گشتی "شیعر" خۆی کۆتاییپێهاتبێ، چونکە دواجار لیریزم هەموو گرەوێکی بردەوە و توانی خۆی هاوتا بکا لەگەڵ چەمک و دەستەواژەی "شیعر" خۆی) (Combe 1992: 16)

چونکە لیریزم وەک ئایدیا و وەک فۆڕمی شیعری لە هەموو سەردەمێک وەک وەڵامدانەوەیەکی گونجاو بووە بۆ ڕوانینەکانی مرۆڤ بۆ جوانیی بێسنوور و بۆ کێشەی جوانیی ناکام، جوانی خۆی وەک کێشەیەکی میتافیزیکی، وەک ئەندێشە و خەیاڵ کە دواجار دەربڕین لێیان خەون و ئاواتی مرۆڤ بووە (ئیتیمۆلۆژی و بزووتنەوەی لیریکی، بە سروشتی خۆی، لە بنچینەدا بزووتنەوەیەکی ترانسەندتالە، واتە

بزووتنەوەیەکی سەر بە بەرزبوونەوەی میتافیزیکییە، کە دەیەوێ خۆی لەودیو، لەوبەر، لە کەناری ئەوبەر دامەزرێنێ، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە دەزانێ لەوبەر هیچ کەنارێک نییە). (Javier 2005:158 )

دەشێ ئەمە ئامانجی هەموو شیعرێکی لیریکی بێ لە کۆن و لە نوێ، لە سەردەمی پێش مۆدێرنیزم و دواتریش، ئەمەش هەر ئەمڕۆ وەک وەسفێکە بۆ جیهانی شیعری ئەندێشەیی و خەیاڵی ئەزموونە ئەدەبییەکان بە گشتی، بەڵام ئەم هەڵکەوتە بۆ ناوەڕۆک یان بۆ شیعری فێرکاری لە سەردەمی ئەمڕۆ وەک گۆڕان لە شێواز و گوتارەکان دێتە بەرچاو، بێگومان ئەمەش لەگەڵ نوێبوونەوەی یەکەم و دووەم و سێیەمی ئەدەبی کوردی(٢)، وێڕای ئەوەی گەشەی سەندووە گۆڕانیشی بەسەردا هاتووە، واتە لەگەڵ هەر گۆڕان و نوێبوونەوەیەک فۆڕم و ناوەڕۆکەکانیش گۆڕاون. وەک تێمای فێرکاری گەشەسەندنەکان بە ڕوونی هەستیان پێدەکرێ، لە سەرەتای سەدەی بیستەم تێمای مەدەنیەت و ئاینی و ڕووحانی باوبووە و وەک شیعری لیریکی لە ئەدەبی کوردی ناسراوە، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی کاریگەرییەکانی ڕۆژئاوا بۆ کوردستان وەک ئایدیاکانی مەدەنییەت و زانست و ناسیۆنالیزم، لەلای حاجی قادر بۆتە ناوەڕۆکی شیعری و شیعری لیریکی، بەڵام لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم مەسەلەی ناسنامە و دیمۆکراسی و ناسیۆنالیزم و ئیدیۆلۆژی تێکەوتووە، هەموو ئەمانەش بە ڕیز لە مەولانا خالید و مەولەوی و حاجی قادری کۆیی و مفتی پێنجوێنی و ئەحمەد موختار جاف و پیرەمێرد و گۆران و شێخ نووری و ئیبراهیم ئەحمەد دەگاتە چڵەپۆپەی پێگەیشتن و دەوڵەمەندبوون و پووکانەوە. ئەگەر ئەم گەشەسەندنەی شیعری فێرکاری وەک تێمایەکی شیعری لیرکی بەراوردبکەین بە هەمان بابەت لە ئەزموونی شیعری فرانسی، دەبینین هەمان دیاردە بە ڕوونی لە مێژووی ئەدەبی ئەوانیش هەمان گۆڕان و سەرهەڵدان هەستی پێدەکرێ. (شیعری فێرکاری لە ئەدەبی فرانسی تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم گەشانەوە و

بەردەوامیی هەبووە، ئەمەش وەک ئایدیالێکی ئەدەبی سەیرکراوە بۆ گونجاندنی توانست و زانین لەگەڵ فۆڕمی شیعری و دەربڕین بە فۆڕمی شیعری، لە ڕوانگەی نیکۆلا ڤانلین-ەوە، شیعری فرانسی (لە سەردەمی شۆڕشی فرانسی ١٧٨٩، شیعری فێرکاری باوبووە و جۆرێکی شیعری ئەریستۆکراتیانە بووە، ئەمەش وایکردبوو ئەم جۆرە شیعرە ڕێسا ناچارییەکانی خۆی زۆرتر بکا و بیانپارێزێ، بۆ باشتر پاراستنی پراکتیکی خۆی بۆ خزمەتی هەڵبژاردەیەک لە کۆمەڵ، کە ئارەزوو و مەیلیان دەسکرد بووە و هەڵکەوتی کۆمەڵایەتیی تایبەتی ئەوانی پیشانداوە). (Wanlin 2014:1)

هەر لە ڕوانگەی نیکۆلا ڤانلینەوە لە سەردەمی شۆڕشی فرانسی (دەبوایە وەک هاوتایەک بۆ هەڵوێستە سیاسییەکان لە شێوازی شیعری بگەین، ئەمەش بەو مانایە دەهات کە شیعری فێرکاری بە فۆڕمی تایبەتی خۆی، دەشیا وەک هەڵوێستوەرگرتنی ئیدیۆلۆژی وەرگیرابایە). ( Wanlin 2014:2)

هەر ئەو سەردەمەش، شیعری فێرکاری یان تێمای فێرکاری لە قالبی شیعری بە جۆرێکی شیعری پەراوێزخراو سەیرکراوە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو هەردەم کۆمەڵێک پرسیاریشیورووژاندووە. لەم بارەیەوە نیکۆلا ڤانلین دەڵێ (ڕاستە شیعری فێرکاری جۆرێکی شیعری بووە بە دڵنیاییەوە، بەڵام جۆرێکی شیعریش لە پەراوێزدا بووە، پرسیاری زۆری دەورووژاند، بێگومان لەناو ڕیزبەندی جۆرەکانی شیعر خۆی). ( Wanlin 2014:2)

ئەم جۆرە شیعرە لە ئەزموونی ئەدەبی فرانسی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕۆمانسیزم و پاشان هونەر بۆ هونەر، سەرەتا بە ڕێخۆشکردن لەلایەن شاعیری ناسراو تیۆفیل گۆتیێ کە دامەزرێنەری بزوتنەوەی هونەر بۆ هونەر بووە، پاشان لەسەر هەمان ڕێچکە، بە ئێجگاری وەک جۆرێک

شیعری تایبەت لەلایەن بۆدلێرەوە کۆتایی پێدێ. هەرچی لە ئەزموونی ئەدەبی کوردییە، شیعری فێرکاری لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەگاتە ئەوپەڕی پێشکەوتن و بووژانەوە، ئەم ئەزموونە لەگەڵ گۆران کۆتاییدێ، بەڵام بە جۆرێک و بە کاریگەریی ناسیۆنالیزمی کوردی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم زۆر پێشدەکەوێ، لەگەڵ ئەزموونی عەبدوڵا پەشێو و بەشێک لە ئەزموونی شێرکۆ بێکەس و هەڵمەت و شاعیرە هاوسەردەمەکانییان بەردەوام دەبێ و خۆی نوێدەکاتەوە، بەڵام هەر لە سەردەمی ئەمانەشەوە کۆتاییاندێ.

بێگومان شیعری فێرکاری نەیتوانیوە بە هەمان ئاست و کاریگەریی شیعری لیریک درێژە بە خۆی بدا. ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ کێشەی شیعرییەت دەگەڕێتەوە، بەشێکی ئەم شیعرییەتەش پەیوەندی بە شێوازی گوتن و داڕشتنەوە هەیە، بێگومان ئەمەش بابەتێکی جەوهەری ناوەندییە لە شیعرنووسین، سەرەنجام لێرەوە ئەو پرسیارە دەکرێ: شیعرییەتی شیعری فێرکاری لە چیدایە؟ ئەمەش پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەیە.

ژان کۆهێن لە کتێبە ناسراوەکەی "سترەکتوری زمانی شیعری Structure du language Poétique، لە هەوڵ و کارە نایابەکەی بۆ ناساندنی شیعر، دەتوانین کەمێک لە ناساندنی شیعری فێرکاری نزیکبینەوە و تایبەتمەندیی ئەم جۆرە شیعرە دیاریبکەین، لە هەمان کات هەر ئەم ناساندنەش بۆ خۆی وەڵامێکیشە بۆ ئەو پرسیارەی بۆچی ئەم جۆرە شیعرە نەیتوانیوە درێژە بە خۆی بدا، دواجار بەرانبەر بە شیعری لیریک پاشەکشەی کردووە.

ژان کۆهێن لە هەوڵی ناساندنی شیعردا دەڵێ: (شیعر زانست نییە بەڵکو هونەرە، هونەریش فۆڕمە و جگە لە فۆڕمیش هیچی تر نیە). (Cohen 1966:47) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم پێناسەیە ئەو پێیوایە

(زمانی سروشتیی مرۆڤ پەخشانە، بەڵام شیعر زمانی هونەرە، واتە زمانێکە پەیوەندی بە توانا و زانینەوە Artifice هەیە). ( Cohen 1966:47)

لێرەوە مەبەست لەم توانا و زانینە زیاتر "لادانە Ecart "، واتە "لادانی شیعری"، بەو مانایەی زمانی سروشتیی مرۆڤ ئەگەر پەخشان بێ، دەبێ زمانی شیعر لادان بێ لە زمانی سروشتی، ئەمەش دروست وایە و بەم جۆرە، شیعر دەبێتە کارکردنێکی هونەری لەناو زمانی سروشتی بەهۆی بەلاڕێدابردنی زمانی ئاسایی بۆ بنیادنانی زمانێکی دیکەی هونەری کە خۆی لە فۆڕمی شیعری دەدۆزێتەوە. ئەو پێیوایە (شیعر زمانی ئاسایی لەناودەبا بۆ بنیادنانەوەی زمانێکی دی لەسەر پلانێکی باڵاتر و بە دەستەڵاتتر). (Cohen 1966:50)

لێرەوە کە ئێمە باس لە شیعری کۆن و نوێ دەکەین، بە تایبەتی کە باس لە ڕەوانبێژی دەکەین وەک هونەرەکانی شیعری کۆن، پاشان کە باس لە شێواز و شێوازناسی دەکەین وەک هونەرێک بۆ بەکارهێنانی زمان لە ئەدەبی نوێ، بۆ هەمان مەبەستی پێشنیارکراوی ژان کۆهێن دەگەڕێینەوە کە هەموو ئەمانە بریتین لە هونەرەکانی لادان Ecart لە زمانی ئاسایی بۆ بنیادنانی زمانێکی دیکەی هونەری کە باڵادەست و بە دەستەڵاتە (ئەو تێکدانی بنیادنانەی بەهۆی ڕەوانبێژییەوە جێبەجێدەبێ، بە بنیادنانەوەیەکی تر و لە جۆرێکی تر دروستدەکرێتەوە). ( Cohen 1966:50)

لێرەوە لە تێگەیشتن لە فۆڕم و ناوەڕۆکی شیعری فێرکاری زیاتر نزیکدەبینەوە کە دەبینین هەموو مەسەلەکە پەیوەندی بە فۆڕم و زمانەوە هەیە، واتە کارکردن لەناو زمان و شێوازی هونەری، شیعری لیریک لەم ڕووەوە کێشەی نییە، بەڵام کێشە لە شیعری فێرکاریدایە وەک فۆڕم و وەک ناوەڕۆک لاسەنگە، بێگومان ئەمەش بۆ ڕەخنەی نوێ بە بەراورد بە

شیعری لیریکی، چونکە لە شیعری لیریکی زاتی شاعیر وەک چەقێک لە ئەندێشەی شیعری دەردەکەوێ، بەڵام لە شیعری فێرکاری ئایدیا یان پەیامی شاعیر (لە هەڵکەوتی مامۆستا و قوتابی) جێگای ئەم چەقە دەگرێتەوە.

لە ڕوانگەی ژان کۆهێن شیعر Vers، بە هەموو جۆرەکان و بن جۆرەکان و فۆڕمەکانی دابەشی چوار جۆر دەبن، ئەم چوار جۆرەش وەک چوار فۆڕم فۆنیک، دەنگ، ئاواز و چوار ناوەڕۆک واتا، سیمانتیک) وان. ئەمانەش بەم جۆرەن (١- قەسیدەی پەخشانی Poème en prose، 2- پەخشانی کێش و سەروادار Prose versifié ٣- شیعری پڕ Poesie intégrale ٤- پەخشانی پڕ Prose intégrale ) (Cohen 1966:10)

دەشێ بۆ جۆری یەکەم پەخشانەشیعریش گونجاو بێ، بەڵام بۆ دووەم، مەبەست لێی شیعری مەنزومە، واتە وەک فۆڕم تەنیا کێش و سەروادارە، لە ناوەڕۆکەوە وەک شیعری لیریکی یان وەک شیعری لاواندنەوە یان عاشقانە نییە، دەشێ هەر ناوەڕۆکێکی هەبێ، شیعری فێرکاری لەم جۆرە شیعر و ئەم فۆڕمەوە نزیکە، دەشێ بۆ ئەمەش زیاتر وشەی "هۆنراوە" یان "هەڵبەست" گونجاوتر بێ وەک لە "شیعر".

لە ڕوانگەی ژان کۆهێنەوە، هەر یەک لەم جۆرانەی سەرەوە دەکەونە بەر دوو خەسڵەت یان دوو تایبەتمەندیی فۆڕمی کە ئەمانەش دوو لایەنی: فۆنیکی (دەنگ یان ئاواز) و لایەنی ناوەڕۆکن (واتا یان سیمانتیک). واتە سروشت و جەوهەری هەر یەک لەم جۆرانە بەم دوو خەسڵەتەی سەرەوە دیاری دەکرێن. ١ – قەسیدەی پەخشانی لە ڕووی فۆنیکەوە (دەنگ، ئاواز) لاوازە بەڵام لە ڕووی واتا یان سیمانتیکەوە سوار و بەهێزە. ٢- پەخشانی کێش و سەروادار (یان شیعری مەنزووم کە ئێمە هۆنراوە یان هەڵبەستمان بۆ پێشنیازکردووە) لە ڕووی فۆنیکەوە، واتە لە ڕووی ئاواز و دەنگەوە بەهێز و سوارە بەڵام لە ڕووی واتا یان

سیمانتیکەوە (یان ناوەڕۆک) لاواز و بێهێزە. ئەمەش سیفەتی هەموو شیعرێکی فێرکارییە ٣- شیعری پڕ، لە ڕووی دەنگ و واتاوە پڕ و بەهێزە. ئەمەش سیفەتی هەموو شیعرێکی لیریکی و ئێپیکی و دراماتیکییە ٤- پەخشانی پڕ، ئەمەش لە ڕووی دەنگ و ئاواز و واتا یان سیمانتیکەوە بەهێز و پڕە.

بەم پێیە و لە ڕوانگەی دەنگ، فۆنیک یان ئاواز، شیعری فێرکاری شیعرێکی بەهێز و سوارە، بەڵام لە ڕووی واتا یان سیمانتیکەوە لاوازە، ئەمەش سروشتی هەموو شیعرێکی مەنزومە کە کۆهێن بە "پەخشانی کێش و سەروادار" ناساندوویەتی. کەواتە لە شیعری فێرکاری بنیادنانی زمانێکی باڵا و بە دەستەڵات هەیە، لادانێکی هونەری هەیە، بەڵام لە ڕووی واتا و سیمانتیکەوە، واتە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، وەک ئەندێشە و خەیاڵی شیعری ئەم بنیادنانە نییە، وەک چۆن لە شیعری لیریکی و ئەوانی دیکەدا هەیە. واتە لە شیعری فێرکاری لە ناوەوە تێکدانێک هەیە، ئەم تێکدانەش دژە خەیاڵ و دژە ئەندێشەیە، شتێکی دی کراوەتە ئەندێشە و خەیاڵی شیعری، ئەویش پەیام و وانەیەکی ئەخلاقی، زانستی یان ئاینییە. ئەمەش جیهانێکی سنووردارە وەک جیهانی بێسنووری شیعری لیریکی یان ئێپیکی یان دراماتیکی نییە، کەواتە، شیعری فێرکاری تەنیا وەک فۆڕم دەچێتە خانەی شیعر وەک ئەندێشە و خەیاڵ دوورکەوتنەوەیە لە شیعر، لە سەردەمی ئەمڕۆ ئەم پەیامە هەڵکەوتی ئیدیۆلۆژی و مەزهەبی هەیە.

سەرەنجام شیعرییەتی شیعری فێرکاری لە بوونی ئەو خەسڵەتە بەهێزەوەیە کە لە لایەنی ئاواز و دەنگەوە هەیەتی نەک لە لایەنی واتاییەوە، هەر ئەم تایبەتمەندییەش وادەکا ئەم جۆرە شیعرە، بەهۆی ئەم لاسەنگییەوە سەر بە شیعرییەتێکی لاسەنگ بێ.

لێرەوە وەک نموونەیەکی پراکتیکی و پیشاندانی جیاوازی لە فۆڕم و ناوڕۆک و بە پلەی یەکەمیش دەستنیشانکردنی شیعرییەت لە دوو شیعر

بەپێی ڕوانین و دابەشکاری شیعری ژان کۆهێن دوو نموونە دەهێنینەوە، یەکەمیان شیعرێکی گۆرانە بەناوی (گوڵی کەمخایەن) وەک نموونەیەک بۆ شیعری لیریکی کە لە ڕوانگەی ژان کۆهێن بە (شیعری پڕ Poesie intégrale) دادەندرێ:

لە بەربەیانی شەباب و جوانییا ئەی گوڵ،
گوڵی گەشی پەمەیی وەک ستارە پرشنگدار!
لە خەندەتا ئەگەڕا جیلوەیی تولووعی بەهار،
لە نەغمەتا مەلی خوێندن ئەهاتە سۆزش و کوڵ!

لە چاوتا دوو گەلاوێژی ڕۆشنی پڕ تاو،
لەناو شەپۆڵی فسوونا نیگای ئەخستە مەلە،
لە پێشی پێیی حوسنتا سەرانی دانووشتاو،
سەری سجوودی عیشق و بەرامبەری قیبلە !

وەهام ئەزانی کە ئەی گوڵ، نیگاهی شەوقی زەمان
لە سەیری شێوەیی شۆخت هەمیشە تێر نابێ،
وەهام ئەزانی کە هەرگیز کزەی گەڵاڕێزان،
بە ناسکیی پەلوپۆی تۆ مەحاڵە فێر نابێ !

کەچی چ زوو، چ کتوپڕ لە پەنجەیی وەرەما
لەشی شل و پەمەییت، ئەی گوڵی جوان، ژاکا !
چ زوو توایەوە حوسنت لە قرچەیی غەما،
دو پێشەما... ئەویش ئەڕزێ لە سینەیی خاکا !
لە لالەزاری جوانیت نیشانەیەک مابێ:
هەر ئەوفوغانەیە ئەڕژێ لە ماتەمی یاران!

هەر ئەو دلۆپەیە ئەتکێ لە دیدەیی گریان!
بەڵام ئەمین بە ! شەو ورۆژ هەتا بەرو دوا بێ،

فوغان و گریە بە شوێنتا بڕانەوەی نایە،
فوغان و گریەیی پاش تۆ هەتیوی سەودایە!
(گۆران ٩٨:١٣٨٦)

نموونەی دووەم بەشێکە لە شیعرێکی مفتی پێنجوێنی وەک نموونەیەک بۆ شیعری مەنزووم، کە ئێمە هەڵبەست یان هۆنراوەی بەرانبەر دادەنێین و لە ڕوانینی ژان کۆهێن دەبێتە نموونەیەک بۆ جۆری شیعری دووەم واتە (پەخشانی کێش و سەروادار Prose versifié) وەک:

ئەی وەتەن موژدەت دەمێ ڕۆژت تلووعی کردووە
مامریشت دێتە گوێم دەنگی خەریکی قووقووە

میللەتت پاکی خەریکی فکری باش و خوێندنە
وا نەزانی هەروەکو ساڵانی پێشوو نوستووە

ئەو کەسەی تۆ دیوتە مردبوو... تەماشا ئێستەکە
دێتە بەرچاوم شوکور هوشیار و باش و زیندووە

دار و بەردی مەکتەبت ئەمڕۆ تەوافی پێ ئەوێ
بێرە سەیری چۆن بە جارێ وەحشەتی لابردووە

عیلمی عەسری تازە ڕۆحم بێ بە قوربانی شوکور

گشت خەرافات و هەموو جەهلی بە جارێ کوشتووە

نێر و مێ گەورە و بوکی خاکی پاکت هاتە ڕیز
عیلمی دەس کەوت و لە ژێر باری نەزانی دەرچووە.

میللەتی غربی بەی حیکمەت چوونە سەر قەسری هەوا
تازە کەی ڕۆژی دەف و زەرک و خرۆشی هووهووە.

ڕادیۆ و تەلسز کە هاتن پیر هەموو کۆمەڵ ئەبوون
یەک بە یەکتریان ئەوت بیللاهی سیحر و جادووە

تا ئەوانیش تێ گەیشتن فەننی عیلم و حیکمەتە
بۆیە غەربی هاتن و ئەم خاکی ئێمە گرتووە.

تۆ کە وا کەوتیتە ئەم ئەحواڵە هەر شوکرانە کە
خەم مەخۆ بۆ سەربەخۆیی پێ ئەگا هێشتا زووە. (ئاشنا ، مفتی ١٩٩٠)

نموونەیەکی دی ناسراو لە ئەدەبی کوردی سەرەتای سەدەی بیستەم شیعرێکی زیوەرە لە وەسفی (فڕۆکە) وەک:

دێوێکە گیانی تیا نییە ئەکشێ بە چەشنی مار
بێ دەست و قاچ و خوێنە بە بێ گۆشت و بێ دەمار
ناو جەرگی پڕ لە ئاگرە، هەردەم کە دێتە ئیش
خۆراکی ئاوە بێ دەم و دان و بێ سمێڵ و ڕیش
هەرچەند بێ پەڕە کە لەگەڵ کەوتە ئاسمان
چەند ڕۆژە ڕێگە زوو دەبڕێ ناگرێ ووچان
ناڵین و گرمە گرمی لە هەستان و ڕۆیینا

هەورە بروسکەییێکە بەسەر گیانی دوژمنا
ئەم دێوە گەورە بەچکەی زانینە ئەی هەژار
زانینە دێو لە ئاسن ئەکا و باڵەکەی لە دار
زانینە گیان ئەخاتە لەشی دار و بەردەوە.
زانینە زێڕ و زیو کەدەردێنێ لە هەردەوە
زانینە شاخی گەورە وەکوو لۆکە شڕ دەکا
زانینە جەرگی شەو کە بە ڕووناکی پڕ ئەکا
دەریا کەبوو بەڕێگەیی ڕۆژ و شەوی هەموو
زانین نەبێ کەی هێزی ئەوەی بێ، مەگر چ بوو؟!
زانستییە چرایە، وەکو زێڕ باخەڵە
گیانی وڵاتە بۆسەر و گوێی دوژمنی پەڵە.

(زیوەر ۲۰۰۸: ۱۷٦)

ئەزموونی ئەدەبی کوردی لەم ڕووەوە زۆر دەوڵەمەندە و دەتوانین دەیان نموونەی لەم جۆرە لەسەرانسەری ئەدەبی کوردی، بە تایبەتی لە ئەدەبی سەدەی نۆزدەم و سەدەی بیستەم تا دەگاتە ئەمڕۆ بدۆزینەوە.

**٤- ئەنجام**

لەم پرۆسەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، جۆری شیعری فێرکاری لە مێژووی ئەدەبی کوردی ئەزموونێکی دوور و درێژی هەیە، ئەم مێژووە بۆ سەرەتاکانی شیعری کوردی دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەزموونی ئەحمەدی خانی بە ڕوونی دەرکەوتووە، بە درێژایی سەدەی نۆزدەم لەگەڵ هۆنراوەکانی مەولانا بە تێپەڕین بە حاجی قادری کۆیی و مەحوی، ئینجا لەسەردەمی نوێبوونەوەی دووەم لەگەڵ ئەزموونی پیرەمێرد، شێخ نووری، گۆران، مفتی پێنجوێنی، ئەحمەد موختار جاف، ئیبراهیم ئەحمەد و زۆری تر دەگاتە ئەوپەڕی گەشەسەندن و دەوڵەمەندی، ئەم جۆرە شیعرە لەگەڵ ئەزموونی شیعری پەشێو کۆتایی هاتووە.

بەم جۆرە شیعری فێرکاری لەچاو شیعری پڕ کە ئەم سیفەتە لە شیعری لیریکی دەدۆزرێتەوە، لاسەنگە، ئەم لاسەنگییەش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی واتایی یان سیمانتیکی کە لە ئاستی خەیاڵ و ئەندێشەی شیعری لیریکی و ئێپیکی و دراماتیکی نییە، بەڵکو خەیاڵ و ئەندێشەیەکی ترە بەشێک لە خەون و ئاوات و ئارەزووەکانی مرۆڤ دەردەبڕێ. دەشێ زاراوەی "هۆنراوە یان هەڵبەست (نظم)" زیاتر گونجاو بێ وەک لە شیعر. سەرەنجام شیعرییەتی شیعری فێرکاری تەنیا لە لایەنی دەنگ و ئاوازەوەیە، وەک شیعری پڕ یان شیعری لیریکی نییە لە هەر دوو لایەنی ئاواز و واتاوە پڕ و بەهێز بێت.

## پەراوێز:

١ و ٢ : مەبەست لە ئەدەبی دیوان: ئەدەبی سەدەی نۆزدەمی کوردییە. ئێمە لە پڕۆسەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەماندا بۆ ئەدەبی کوردی، سێ نوێبوونەوە وەک سەردەمی ئەدەبی لە مێژووی ئەدەبی کوردی پێشنیازدەکەین، لەم ماوەیەدا کە لە دوو سەدە زیاترە، ئەدەبی کوردی (کلتووری کوردیش بە گشتی) کەوتۆتە ناو وەرچەرخان و گۆڕانێکی مەزن، ئەم سێ نوێبوونەوەیەش بەم جۆرەن: نوێبوونەوەی یەکەم لە کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم لەگەڵ نالی و مەستوورەی کوردستانی دەستپێدەکات، سەنتەرەکانی ئەم نوێبوونەوەیە سنە و سلێمانین وەک دوو میترۆپۆلی مۆدێرنی کوردی و سەنتەری بووژانەوەی کوردی. نوێبوونەوەی دووەم هەر لە سلێمانی و سنە و شوێنی تریش دەگرێتەوە وەک کۆیە و کەرکوک، لەگەڵ گرووپی پێرەمێرد و شێخ نوری و گۆرانەوە دەستپێدەکات. ماوەی ئەم نوێبوونەوەیە ساڵی ١٩٠٠ بۆ ١٩٦٠. نوێبوونەوەی سێیەم لە ساڵی ١٩٦٠ تا ئەمڕۆ دگرێتەوە. ئێمە تەواوی ئەدەبی کوردی پێش نوێبوونەوەی یەکەم، واتە ئەدەبی کوردی پێش ئەزموونی نالی و مەستوورەی کوردستانی بە ئەدەبی کۆن دادەنێین. ئەم ئەدەبە کۆنەش تا ڕادەیەک بە هەموو زارەکانی کوردی نووسراون. بەڵام نوێبوونەوەی یەکەم بە زاری کوردی ناوەند (سۆرانی) بووە، هەر بەم زارەش بەردەوام بووە تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ.

## سەرچاوەکان:

### بە زمانی فرانسی


- Cohen. Jean, 1966. Structure du langage poétique. Champs Essais. Paris.
- Combe. Dominique, 1992. Les genres Littéraires. Hachette supérieur. Paris .
- Gardes Tamine, Joëlle et Hubert, Marie-Claude. (2004). Dictionnaire de critique littéraire. Armand Colin .
- Genette. Gérard. (1992) Esthétique Poétique. Essais. Seuil. Paris .
- Nourissier, François. (1997). Préface de. Dictionnaire des Genres et notions littéraires. Albin Michel. Paris.
- Javier. Del Prado Biezma, 2005. Deux procédés de la poéticité moderne. In: Bulletin Hispanique, tome 107, n°1.
- Robert, 1995. Dictionnaire de Robert. Nouveau Petit Robert .
- Veserrini. Pierre, 2015. La poésie didactique dans lAntiquité : une invention des Modernes. Anabase. Numéro 21.p.26
- Volk. Katharina. 2002. The Poetics of Latin Didactic. Lucretius. Vergil. Mailius. Oxford Universiy Presse .

– Wanlin. Nicolas, 2014. Le poème didactique : un genre réactionnaire ? La Révolution française. 7 | 2014, mis en ligne le 31 décembre 2014.

**به زمانی فارسی**

– احمدی. دکتر جمال، تاريخ ادبيات کردی. سنندج. ١٣٥٢.

**به زمانی کوردی**

– مودەریس. مەلا عەبدولکەریمی ١٣٩١، دوو ڕشتە. فەرهەنگێکی عەرەبی کوردییە بە هەڵبەست. انتشارات کردستان. سنندج.

– گۆران (١٣٨٦) دیوانی گۆران. چاپی سێیەم. نشر پانیز. سنه.

– ئاشنا. ئومێد و مفتی، عەبدولکەریم (١٩٩٠) دیوانی پێنجوێنی. کۆکردمەوە و ئامادەکردنی. پێداچوونەوەی عوسمان هەورامی. بەغدا.

– زیوەر، بەختیار (٢٠٠٨) دیوانی بەختیار زیوەر. ئامادەکردنی محموود زیوەر. چاپی سێیەم.هەولێر. ئاراس.

**Abstract**

The main theme of this research discusses the poetic of didactic poetry in Kurdish literature. We try to enhance the Kurdish experience in this field, specifically the place didactic poetry in this kind of literature. It dates back to the preceding centuries. In this research, we attempt to answer several essential questions which are deeply addressed, such as: what is didactic poetry? Is it a separate literary genre or is it a kind of poetry? We compare this Kurdish experience to that of the Greco-French. In the last chapter we try to determine the poetic characteristic of this kind of poetry, by asking an urgent question. What is the use of this kind of poetry today? Is it still productive or is it some sort of old-fashioned poetry?

Keyword: Poetcity, didactic, poetic genre, poetic form, Kurdish poetry.